SUFFOLK
CONSTABULARY

# پاراستنی سەلامەتی هەموو کەسێك

بۆ ئەوەی پەیوەندیکردنی ڕۆژانە لەگەڵ خەڵکانی تر کەم بکەینەوە لە بەگژداچوونەوەی کۆرۆنا ڤایرۆسدا، حکومەت لە ڕێکەوتی 23 ی مارتی 2020 سێ ڕێکاری نوێی خستەڕوو.

1. داواکردن لە خەڵک بۆ ئەوەی لە ماڵەوە بمێننەوە، مەگەر تەنها بۆ چەند مەبەستێکی زۆر سنووردار نەبێت
2. داخستنی دوکان و پانتاییەکانی کۆمەڵگای کە ناپێویستن
3. ڕێگریکردن لە هەر کۆبوونەوەیەك کە زیاتر لە دوو کەس بن لە شوێنێکی گشتیدا

**<u>تۆ دەبێت ئێستا لە ماڵەوە بمێنیتەوە</u>**

یارمەتیمان بدە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەین و خزمەتگوزاری NHS بپارێزیت. ئێمە پێوستمان بە هاوکریکردنی تۆیە بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بە سەلامەتی بهێڵینەوە و ژیانیان ڕزگاربکەین.

ئەوپەڕی گرنگە پەیرەوی ڕێنماییەکانی حکومەت بکەیت.

ئەم هۆکارانەی خوارەوە ئەو بارودۆخانە باس دەکەن کە تێیدا دەتوانیت لە ماڵەوە دەربچیت:

- **کڕینی پێداویستیە بنەڕەتیەکان**، بۆ نموونە خواردن و داودەرمان دەبێت تابتوانرێت بە دەگمەن و کەم دوبارە بێتەوە
- **یەك جۆری وەرزشکردن لە ڕۆژێکدا**، بۆ نموونە ڕاکردنێك، پیاسەیەك، پایسکل سواری – بە تەنیا بێت یان لەگەڵ ئەندامانی خانەوادەکەت
- **هەر پێویستیەکی پزیشکی**، یان بۆ پێشکەشکردنی سەرپەرشتی و چاودێری یان بۆ یارمەتیدانیکەسێکی دۆخ ناسك
- **ڕۆیشتن بۆ سەر کار وگەڕانەوە لەسەر کار**، بەڵام تەنها ئەگەر بەدڵنیاییەوە نەتوانرێت کارەکە لە ماڵەوە بکرێت

ئەم چوار هۆکارانە بەدەرن - تەنانەت لە کاتی ئەم چالاکیانەشدا، دەبێت ئەو کاتە کەم بکەیتەوە کە لە دەرەوەی ماڵەکەت بەسەری دەبەیت وە دڵنیابیت لەوەی کە 2 مەتر لە هەر کەسێکەوە دووریت کە لە ماڵەکە لەگەڵتدا ناژی.

تکایە بۆ ئامۆژگاری وەرگرتن تەلەفۆن مەکە بۆ ژووری کۆنترۆڵی پۆلیس. ستافەکانی ئێمە پێوسیتە وەڵامی حاڵەتە کتوپڕەکان بدەنەوە. ئەگەر زانیاری زیاترت پێویستە، بڕۆ سەردانی ماڵپەڕی **www.gov.uk** بکە